# ناونیشانی هەواڵی لە ماڵپەرە هەواڵییە کوردییەکان
## تۆژینەوەیەکی وەسفییە بۆ ناونیشانی هەواڵەکان

د. نەوزاد سدیق محەمەد
نازناوی زانستی: مامۆستا
بەشی تەکنیکی میدیا/پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی/زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی
nawzadsm@yahoo.com
بەهرۆز رەسوڵ عەلی
نازناوی زانستی : مامۆستای یاریدەدەر
بەشی تەکنیکی میدیا/کۆلێژی تەکینکی کارگێڕی/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی
Behrozreswl@yahoo.com

کلیلی وشەکان: ناونیشانی هەواڵ، ماڵپەڕە هەواڵییە کوردییەکان، ناونیشانی پوختکراو، ناونیشانی وەرگێراو، ناونیشانی سەرەکی، مانشێت، ناونیشانی وەسفی، ناونیشانی پرسیاری، ناونیشانی ڕوشنایی، ناونیشانی چێژبەخش

### پوختەی توێژینەوە :
ئاماجی ئەم تۆژینەوەیە دەرخستنی لایەنی باش و خراپەکانی ناونیشانی هەواڵیە لە ماڵپەرە کوردییەکان، کە گەیشتۆتە ئەو دەرەنجامەی ناونیشانی هەواڵی لە ماڵپەرە کوردییەکان چەند لایەنیکی باشی لە حۆگرتوە لەوانە پەیرەوکردنی بیلایەنی و تێکەڵنەکردنی بیرو بۆچونی هەواڵساز لە ناونیشانەکان و گوزارشتکردنی ناونیشان لەگەڵ ناوەرۆکی هەواڵەکان، بەڵام ئەو گرفتانەی کە لە ئەنجامی تۆژینەوەکەدا بەدیدکراون ئەوەیە کە ماڵپەرەکان بەشێوەی هاوسەنگ هەموو جۆرەکانی نانیشانی هەواڵیان بەکارنەهیناوە و زیاتر پشتیان بە بە یەك دوو جۆر لە ناونیشانی هەواڵی بەستوە و زۆربەی جۆرەکانی تریان فەرامۆشکردوە لەگەڵ ئەوەی لە زۆربەی ناونیشانەکاندا وشەی زۆریان بەکارهێناوە و زیادەرۆیی و درێژدادڕی بە ناونیشانەکانەوە بەدیدەکرێت، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی پرۆفیشناڵی و کەمشارەزایی هەواڵسازەکان.

### ملخص البحث:
يهدف هذا البحث الى كشف السلبيات و الآجابيات لعناوين الخبر فى المواقع الاخباريه الكرديه، الذي وصل الى عدة النتائج من اهمها هناك بعض المميزات الإجابية فى عناوين الاخبارية لدى المواقع الصحفية الاخبارية الكردية، مثل الإنحيادية فى صيغة العناوين الأخبار، أو عدم تورط فكرة المحرر فى متنها، و ايضا فيه ميزة اجابية اخرى و هي الانسجام بين عناوين الأخبار و محتوياته ، بمعنى اخر يعبر العناوين الآخبار لمحتوياته فى المواقع الآخبار لمجتمع هذا البحث.
رغم هذه المميزات الآجابية ، أظهرت الدراسة مجموعة من السلبيات لعناوين الأخبار فى مجتمع البحث، ابرزها لم يتم استخدم كل انواع العناوين الخبرية في المواقع الاخبارية الكردية ، بل تم حصرها في نوعين من انواع العناوين الخبرية و تعتبر هذه اشكالية من حيث التنوع، و سبب هذا يعود الى قلة المهارة العلمية و الاكاديمية للمحررين الأخبار .

## بەشی یەکەم / چوارچێوەی توێژینەوە

### یەکەم : گرنگی توێژینەوە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە بەشێوەیەکی کەمو دەگمەن توێژینەوە دەربارە ی ناونیشانی هەواڵی لە ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکاندا کراوە. لەلایەکی ترەوە دەبێتە پاڵنەرێك بۆ توێژینەوەی تر دەربارەی ناونیشانی هەواڵو رەگەزە پێکهێنەرەکانی تری هەواڵی رۆژنامەنوسی بەتایبەتی هەواڵی پێگەو رۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان.

بایەخێکی تری ئەم توێژینەوەیە لەگرنگی ناونیشانی هەواڵ لە سایتە ئەلیکترۆنییەکانەوە سەرچاوەی گرتوە، بەوپێیەی ناونیشانی هەموو هەواڵێك رۆڵێکی گەورە دەگێرێت لەسەرنجراکێشانی بەکارهێنەر و خوێنەر بۆ خوێندنەوەی کۆی هەواڵەکەو دەروازەیەك دەبێت بۆ ئاگادارکردنەوەی لە رووداوەکە.

### دووەم :ئامانجی توێژینەوە

١-خستنەڕووی گرنگترین جۆرەکانی ناونیشانی هەواڵەکان لەماڵپەرە کوردییەکان

١-هەوڵدەدات بۆ دەستنیشانکردنی گرفتەکانی ناونیشانی هەواڵی لەماڵپەر  هەواڵییە کوردییەکان.

٢-هۆکاری لاوازیی‌و گرفتەکانی ناونیشانی هەواڵی دەردەخات

٣-چارەسەری راستکردنەوەی ناونیشانی هەواڵی بۆ ماڵپەڕەکان دەخاتەڕوو.

٤-هەوڵدەدات بۆ زانینی  جۆرە باوەکانی  ناونیشانی هەواڵەکان لەماڵپەڕە هەواڵییە کوردییەکان.

### سێیەم: کێشەی توێژینەوە.

بەکارهێنانی ناونیشانی هەواڵی لەماڵپەڕە کوردییەکان لە ڕوی جۆرو ناوەڕۆك و شێوازەوە، نەشارەزایی‌و ناجۆریان پێوە دیارەو هۆکارەکەیشی زۆر روون‌و ئاشکرا نین کە ئاخۆ بۆچی بەو شێوازو جۆرە ناونیشانی هەواڵی  بۆ هەواڵەکان لەوێبسایت‌و رۆژنامە کوردییەکان بەکاردێن،  ئەمەش بۆتە کێشەیەکی سەرەکی‌و هەر ئەم گرفتەشە لای توێژەرانی ئەم توێژینەوەیە بۆتە کێشەی توێژینەوە لەسەر ئەو بنەمایە گریمانەو پرسیاری توێژینەوەکەیان لەسەر بونیاد ناوە.

### چوارەم:پرسیاری تۆژینەوە

١-جۆرەکانی ناونیشانی هەواڵی لەمالپەرە هەواڵییە کوردییەکان کامانەن ؟

١- گرفتەکانی ناونیشانی هەواڵی لەماڵپەڕەکان چین ؟

٢-ئایا ناونیشانی هەواڵی لەگەڵا ناوەرۆکی هەواڵەکان دەگونجێت لەماڵپەڕە هەواڵییە کوردییەکان؟

٣-خاڵی لاوازو بەهێزی ناونیشانی هەواڵەکان چییە لە وێبسایتە هەواڵییە کوردییەکان؟

٤-هۆکارەکانی گرفتی ناونیشانی هەواڵی لەماڵپەڕە چییە؟

٥-چۆن کێشەی بەکارهێنانی ناونیشانی هەواڵی لەماڵپەڕە کوردییەکان چارەسەر دەکرێت؟

جۆری توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە، بەتوێژینەوەیەکی وەسفی دادەنرێت، کە هەوڵدەدات وەسفی ناونیشانی هەواڵی بکات لەماڵپەڕە کوردییەکان و دواتر لە روی چەندێتی‌و چۆنێتییەوە هەڵسەنگاندنی بۆکردوە؟

### پێنجەم : میتۆدی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی روپێوی (survey) بەکاهێنراوە کە سەرەتا لە روی ژمارە و چەندێتیەوە، روپێوی ناونیشان‌و جۆرەکانی ناونیشانی هەواڵی کردوە، لەماڵپەڕە کوردیەکان، بەرێگای لێتوێژینەوە لەدۆخی هەواڵی لەماڵپەڕەکاندا.

شەشەم : کۆمەڵگای توێژینەوە

کۆمەڵگای توێژینەوە بریتییە لەو کۆمەڵگایەی کە توێژەر سامپڵی توێژینەوەکەی تێدا هەڵدەبژێرێت، لەم توێژینەوەیەشدا ماڵپەرە هەواڵییە

کوردییەکان وەکو کۆمەڵگای توێژینەوە کە دەستنیشانکراوە، هەروەها سەبارەت بەسامپڵی توێژینەوەکەش کە لەناو کۆمەڵگای توێژینەوەکە هەڵبژێرراوە ناونیشانی هەواڵی لە چوار وێبسایتی کوردی هەڵبژێرراوە کە هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە لەروی خاوەندارێتیو شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ رووداوەکان لەڕوانگەی حزبیو کارکردن بۆ راکێشانی سەرنجی خوێنەران لەڕێی ناونیشانی هەواڵی هەواڵەکانیان.

وێبسایتەکان بریتین لە سپی میدیا (ماڵپەڕێکی گشتییەو هەواڵو راپۆرتەو چاوپێکەوتو هەواڵی هەمەڕەنگ بڵاودەکاتەوەو بارەگاکەی لەشاری سلێمانیو لە رۆژی ٢٥ی نیسانی ٢٠١٤ کەوتوەتەکارو ئەمە ئەدرێسەکەیەتی http://speemedia.com)، وێبسایتی ئێس ئێس ئێن (کورتکراوەی تۆڕی هەواڵی سلێمانی، ماڵپەڕێکی هەواڵی گشتی بووە، لەساڵی ٢٠١٠ کەوتوەتەکارو لەمانگی ١٠ی ٢٠١٩ بەهۆی کێشەی داراییەوە راگیراوە. شارپرێس (سایتێکی هەواڵی گشتییەو لە رۆژی ٢٠١٣/٤/٢٠ کەوتوەتەکارو بارەگای لەسلێمانییەو ئەمە ئەدرێسەکەیەتی: https://www.sharpress.net)، سایتی سبەی (سایتێکی هەواڵی گشتییەو سەر بەکۆمپانیای وشەیەو لە ٢٠٠٧/٣/٢١ وەکو یەکەم سایتی هەواڵی کوردی کەوتوەتەکارو ئەمە ئەدرێسەیەکەیەتی: https://www.sbeiy.com)

ناونیشانی هەواڵی هەواڵە کوردستانیەکان وەرگیراوە لەبەر ئەو پێوەرەی کە جێی زۆینەی بەکارهێنەرانیانە لە باشوری کوردستان بەوپێیەی پەیوەندی راستەوخۆی هەیە بەژیانیانەوە. هۆکارێکی تری وەرگرتنی ناونیشانی هەواڵی هەواڵە کوردستانیەکان ئەوەیە کە ئامادەو دارشتنی هەواڵەکان بەپلەی یەکەم لەئەستۆی هەواڵسازی وێبسایتەکانە لەکاتێکدا هەواڵی عەرەبیو جیهانی یان هەمەڕەنگی وەرگیراو لەسایتو ئاژانسە جیهانیەکان دەکرێت وەرگێڕانێکی وەرگیراوی ناونیشانە هەواڵیەکانی ئەو سەرچاوە هەواڵیانە بێت بێ بیرکردنەوە لەدانانی ناونیشانێکی پرۆفیشناڵانە بۆ هەواڵەکان.

## بەشی دووەم /چوارچیوەی تیۆری

ناونیشانی هەواڵی Lines-News Head:

ناونیشانی هەواڵ، ئەو ڕستەیەیە، کە لەسەروی هەواڵەوەیە و بەگشتی لەلایەن هەواڵساز، یاخود سەرنوسەری هەواڵەکان دەنووسرێت.

هەرچەندە ناونیشانی هەواڵ، لەڕووی فۆرمەوە، لەسەرتای هەواڵەوە دێت، بەڵام کاتێك دەنوسرێت کە هەواڵەکە کۆتایی دێت،واتە هەواڵەکە بە تەواوەتی دادەڕێژرێت و کۆتایی دێت، ئەوجا ناونیشان دەنووسرێت، تاکو هەواڵساو بتوانێت گۆشەیەکی دیار و گونجاوی ناوەرۆکی هەواڵەکە دەستنیشان بکات.

ناونیشانی هەواڵ پێویستە بەفۆنتێکی گەورەتر لەچاو پیتی لاشەی هەواڵ، بنوسرێت.

ناونیشانی هەواڵ دەروازەی سەرەکی چوونەناو هەواڵە، بۆیە پێویستە سەرنجی خوێنەر رابکێشێت وهانی بدات بۆ خوێندنەوەی تەواوی هەواڵەکەو بەرای دانیاڵ دۆر لەنوسینی ناونیشانی هەواڵدا پێویستە هاوسەنگی هەبیچت لەنێوان کورتو پوختیو خستنەڕووی پوختەیەکی زانیاری لەبارەی ناوەڕۆکی هەواڵەکەوە.

دۆرۆسی باوڵزو دیانێ بۆردێن، باربارا ئێلیس، سونیل ساخێنا جەخت دەکەنەوە لەوەی پێویستە ناونیشانی هەواڵ دو ئەرك جێبەجێبکات کە ئەوانیش خستنەڕوی کورتەیەکی هەواڵەکەو سەرنجڕاکێشانی خوێنەرانە بۆ خوێندنەوەی تەواوی هەواڵەکان.

لەکاتی نوسینی ناونیشانی هەواڵیدا، پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:-

-گرنگترین زانیاری و ڕاستی ناو هەواڵ.

- زۆرترین ڕوداوی کاریگەری هەواڵ.

-گرنگترین ڕەگەزی هەواڵ وەك(قەبارە، سەرسوڕمان، کەسایەتی ناسراو، ململانێ.. هتد).

هەروەها ناونیشانی هەواڵ پێویستە چەند سیفەت و خەسڵەتێکی تێدا بێت لەوانە:-

-پێوێستە بەکەمترین وشە زۆرترین مانا ببەخشێت.

-پێویستە بە تەواوەتی گوزارشت لە ناوەرۆکی هەواڵەکە بکات.

-پێویستە سەرنجی وەرگر رابكێشێت و بەبایەخەوە هانی بدات بیخوێنێتەوە.

-پێویستە وەڵامی یەكێك لەشەش پرسیارەكە بداتەوە.

-بەدوور بێت لەقەبەكردن وگەورەكردنی، تاوەكو لە گرنگی هەواڵەكە كەم نەكاتەوە.

-بەدوور بێت لە تێكەڵكردنی بیروبۆچوونی هەواڵساز.

-بەكارهێنانی فەرمانی داهاتوو، لەبری فەرمانی ڕابردوو.

-بەكارهێنانی فەرمانی بەهێز.

-دانانی خاڵبەندی بەشێوەیەكی ڕاست و دروست.

-بەكارهێنانی وشە و گوزارشتی ڕۆشن و دروست.

-قەرەباڵغ نەكردنی بەناو و بە وەسفی زۆر و جۆراو جۆر.

-ڕەچاوكردنی هاوسەنگی لەنێوان قەبارەی هەواڵ و ناونیشان.

**جۆرەكانی ناونیشان :**

١-ناونیشانی سەرەكی (Head Lines):

ئەو جۆرە ناونیشانەیە، كە بەزۆری لەلاپەرەی یەكەمی ڕۆژنامەكان دادەنرێت، یاخود لەسەروی بابەتەكانەوە، بەپیتی گەورە،یاخود بە فۆنتێكی جیاواز تر دەنووسرێت.

ناونیشانی سەرەكی دابەش دەكرێت بۆ :-

أ-مانشێت (Banner):

ئەم جۆرە ناونیشانە بەزۆری لەسەرووی لاپەرەی یەكەمی ڕۆژنامەوە بەكاردەهێنرێت، جاری وایە لە سەرووی شوێنی لاپەرە، یان لەژێر شوێنی لاپەڕە دادەنرێت و هەندێ ڕۆژنامە جاروبار زیاتر لەیەك مانشێت بەكاردەهێنن.

زۆرلەشارەزایانیبواری هونەری نووسینی ڕۆژنامەوانی، بەپەسەندی دەزانن كە ڕۆژنامەكان ڕۆژانە مانشێت بەكاربهێنن.

ب-ناونیشانی بڵاو (Spead):

ئەو ناونیشانەیە، كەلە سەروی چەند ستوونێك، لەلاپەرەكانی ڕۆژنامەدا دادەنرێت، بەگوێرەی ئەو دیزاینەی، كە دەرهێنەری ڕۆژنامەنووسی دایدەڕێژێت، چەشنی ئەم ناونیشانانە، بەشێوەی ئاسۆیی دادەنرێت.

ج-ناونیشانی ستوونی (Vertical):

ئەم جۆرە ناونیشانە، بەپێچەوانەی ناونیشانی بڵاوەوەیە، تەنها لەسەروی هەواڵ و بابەتی تاك ستوونی دادەنرێت، شێوازی دانانەكەشی ستوونی یە، نەك ئاسۆیی.

٢-ناونیشانی لاوەكی :

ناونیشانی لاوەكی بەدوای ناونیشانی سەرەكی دێت، هەڵگری هەندێ زانیاری تەواوكاریە، قەبارەكەی تەنها لە سنووری دێڕێكدایە، هەندێ لەدیزاینەری ڕۆژنامەكان، بۆ جیاكردنەوەی ناونیشانی لاوەكی لەناونیشانی سەرەكی، پەنا دەبەنە بەر بچووككردنەوەی قەبارەی هێڵ، یان فۆنتی ناونیشانەكە.

٣- ناونیشانی لقی یان ناوەندی (Read out):

ئەو ناونیشانەیە، كەلەدوای ناونیشانی سەرەكی دێت و هەندێ زانیاری هەڵدەگرێت،كە گرنگی كەمتریان هەیە لەچاو ناونیشانی سەرەكی.

٤- ناونیشانی جێگیر (Constants):

ئەم جۆرە ناونیشانە لە بوارە جێگیرییەكاندا بەكاردێت، وەك ڕاپۆرتی تایبەت، یاخود ستوون وگۆشەی جێگیر.

سەرەڕای دابەشكردنی ناونیشان بۆ ئەو جۆرانەی كە ئاماژەمان پێكرد، لە رویەكی ترەوە  ناونیشان دابەش دەكرێت بۆ:-

١- ناونیشانی پوختكراوە :

بریتییەلەو ناونیشانەی كە هەواڵساز، پوختەیەكی پڕمانای هەواڵەكە دەكاتە ناونیشان، كە وەڵامی یەكێك لە شەش پرسیارەكە لەخۆ بگرێت.

٢- ناونیشانی وەسفی :

بریتییەلەو ناونیشانەی، كە چەخت لەسەر ڕەگەزی وەسفكردن دەكات، واتە وەسفێكی وردی بابەتی هەواڵەكە دەكات.

٣- ناونیشانی دێڕی (قسە)ی وەرگیراو:

وەرگرتنی دێڕێك لە وتە، یا قسەی كارەكتەرێكی ناو هەواڵەكە، كە بەلای خوێنەرگرنگی هەبێت و بایەخی  بۆی هەبێت.

٤- ناونیشانی پرسیاری:

مەبەست لێی دانانی ناونیشانە بەشێوەی پرسیار، كە ئامانج لێی جوڵاندنی هەستی خوێنەرە، تاوەكو هانی بدات لە ڕێگەی خوێندنەوەی لاشەی هەواڵەكە، وەڵامەكەی  وەرگرێت.

٥-ناونیشانی بۆمبی :

ئەو ناونیشانەیە، كە بە گوژمەیەكی بەهێز وئاگادار دەست پێدەكات، ئامانج لێی وەرگێڕانی سەرنج و ئاگایی خوێنەرە بەلای خۆیدا.

٦- ناونیشانی ڕوشنایی :

ئەو ناونیشانەیە، كە داتاو ژمارە و زانیاری ورد لەخۆ دەگرێت و تیشكییان دەخاتە سەر.

٧- ناونیشانی چێژبەخش:

ئەو ناونیشانەیە، كە چەخت لەسەر برگەی كاریگەر، یاخود گوزارشتی خۆشئامێز لەبابەتی هەواڵەكە دەكات.

نموونەی هەندێ ناونیشانی سەركەوتوو كەلەڕۆژنامە جیهانیەكان وەرگیراوە:

-بەهۆی ئاگركەوتنەوەی ئوتێلێك سێ كەس گیان لەدەست دەدەن.

-هەنگاوێكی حكومەت بۆ زیادكردنی هەناردەكردن.

-گرتنەبەری ڕێوشوێنی نوێ بۆ كەمكردنەوەی نرخ.

-دابەشبوونی پارتی كرێكاران بەهۆی زیادبوونی نرخەوە.

-دەست لەكاركێشانەوەی سەرۆك وەزیران.

-دزینی ئاڵتونێكی زۆر بەبەهای دووسەدهەزار دۆلار.

-هەناردەكردن ٢٥ ملیۆنی تێپەراند.

-میرنازوگە، بەڵێن دەدات بگەڕێتەوە.

-شایەتحاڵێكی سەرەكی ون دەبێت.

-سۆسیالیستەكان لە هەڵبژاردن لەپێشەوەن.

-ڕێگەپێنەدانێكی نوێ بۆ كۆچبەران.

-پەیوەند نوێی بازرگانی لەگەڵ چین.

-گۆڕانكاری لە سیاسەتی بەرگری.

-كرێكارانی كێڵگەكانزاییەكان هەڕەشەی مانگرتن دەكەن.

-كێ دەبێتە سەرۆكی ئایندەی ئەمریكا ؟

-وەزیری دەرەوەی پاكستا بۆ دەستی لەكاركێشایەوە ؟

### بەشی سێیەم / چوارچێوەی پراکتیکی

**خشتەی ژمارە (١) ژمارەی ناونیشانی هەواڵی ماڵپەڕەکانی کۆمەڵگای توێژینەوە**

| ماڵپەرەکان | ژمارەی ناونیشانی هەواڵی | |
|---|---|---|
| | ژ | % |
| شار پرێس | 38 | 28 |
| سپی میدیا | 33 | 24 |
| سبەی | 31 | 23 |
| SSN | 33 | 24 |
| کۆی گشتی | 135 | 100 |

ئەم خشتەیە ڕونی دەکاتەوە کۆمەڵگای توێژینەوەکە لە چوار ماڵپەڕی هەواڵیی کوردی پێکهاتوە و ١٣٥ جۆر ناونیشانی هەواڵی وەك سامپڵی توێژینەوە دیاریکردوە، کە ٢٨٪ی ناونیشانە هەواڵیەکانی ماڵپەڕی شارپرێس، ٢٤٪ی ناونیشانەکانیش لەماڵپەڕی سپی میدیا وەرگیراوە ٢٣٪ ناونیشانی هەواڵی ماڵپەڕی سبەی کۆی گشتی سامپڵەکانی توێژینەوەکە پێکدەهێنێت و ماڵپەڕی SSNیش ٢٤٪ی کۆی ناونیشانە هەواڵیەکان پێکدەهێنێت کە دەردەکەوێت ڕێژەیەکی زۆر هاوسەنگی تێدایەو کۆمەڵگای توێژینەوەیەکە ژمارەیەکی نزیك و هاوسەنگی لەسامپڵەکان لەخۆگرتوە. لەلایەکی ترەوە، ئەو هاوسەنگەیە ئەوە دەردەخات کە سامپڵەکانی کۆمەڵگای توێژینەوەکە تا ڕادەیەکی زۆرو وەکویەك ئەکتیفن لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ڕومالکردنی ڕوداوەکان بەتایبەتی ئەو ڕوداوانەی پەیوەندییان بەکۆمەڵگای کوردییەوە هەیەو بەزۆری لەژێر لینکی و پەیجی هەواڵە کوردستانییەکان لەماڵپەڕەکاندا بڵاودەکرێنەوەو بۆ مەبەستی توێژینەوە لەناونیشانی هەواڵی لەماڵپەڕە هەواڵییە کوردییەکان کراونەتە سامپڵی توێژینەوە.

**خشتەی ژمارە (٢) جۆرەکانی ناونیشانی هەواڵی لەماڵپەرە کوردیەکان**

| ماڵپەرەکان / جۆری ناونیشان | شارپرێس ژ | شارپرێس % | سپی میدیا ژ | سپی میدیا % | سبەی ژ | سبەی % | SNN ژ | SNN % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پوختکراو | 16 | 42.1 | 8 | 24.24 | 8 | 25.89 | 17 | 51.5 |
| وەسفی | - | 0.0 | 1 | 3 | 2 | 6.4 | 0.0 | 0.0 |
| وەرگیراو | 5 | 13.16 | 6 | 18.2 | 9 | 29 | 0.0 | 0.0 |
| پرسیاریی | - | 0.0 | 00 | 0.0 | 00 | 0.0 | 0.0 | 0.0 |
| بۆمبی | - | 0.0 | 1 | 3 | 00 | 0.0 | 0.0 | 0.0 |
| رۆشنایی | 4 | 10.53 | 00 | 0.0 | 00 | 0.0 | 0.0 | 0.0 |
| چێژبەخش | - | 0.0 | 00 | 0.0 | 00 | 0.0 | 0.0 | 0.0 |
| شوێنی | 2 | 5.3 | 1 | 3 | 00 | 0.0 | 2 | 6 |
| زەمانیی | - | 0.0 | 2 | 6.1 | 2 | 6.4 | 2 | 6 |
| کارەکتەر | 3 | 7.9 | 8 | 24.24 | 6 | 19.3 | 1 | 3 |
| هی تر | 8 | 21 | 6 | 18.2 | 4 | 12.9 | 11 | 33.3 |
| کۆی گشتی | 38 | %100 | 33 | %100 | 31 | %100 | 33 | %100 |

خشتەی ژمارە (٢) تایبەتە بە جۆری ئەو ناونیشانە هەواڵیانەی ماڵپەڕەکانی توێژینەوەکە بەکاریان هێناون. هەروەکو لەخشتەکەدا دەردەکەوێت، ناونیشانی هەواڵی جۆری (پوختکراو) لەلایەن هەر چوار ماڵپەڕەکە کە کۆمەڵگای توێژینەوەکەن زیاتر بەکارهێنراوە بەدوایدا جۆری ناونیشانی (وەرگیراو) بەپلەی دووەم هاتووە. لەماڵپەڕی شارپرێس ڕێژەی ناونیشانی پوختکراو دەگاتە نزیکەی ٤٢,١٪ و بەڕێژەی نزیکەی ١٣,١٦٪ جۆری ناونیشانی هەواڵی وەرگیراوی بەکارهێناوە بەڕێژەی ١٠٪ش (ناونیشانی ڕۆشنایی) بەکارهێنراوە بەڵام بەهیچ جۆرێك جۆری ناونیشانەکانی (بۆمبی، چێژبەخش، پرسیاری، وەسفی و زەمەنی) بەکارنەهێنراوە. ئەمەش ناهاوسەنگییەکی زۆر دەخات لەبەکارهێنانی جۆرەکانی ناونیشانی هەواڵی. سەبارەت بەناونیشانەکانی هی تر کە لەخشتەکەدا ئاماژەی پێکراوە مەبەست لێ ناونیشانێکی هەواڵی هەرەمەکیەو ناچێتە

چوارچێوەی ئەو ناونیشانە هەواڵیانەی شارەزایانی هەواڵ پۆلێنیان کردووە باسیان لێوەکردوە لەماڵپەڕی شارپرێسدا دەگاتە نزیکەی ٢١٪.
سەبارەت بەماڵپەڕی سپی میدیا، بەپلەی یەکەم هەردوو جۆری ناونیشان هەواڵی (پوختکراو)و (کارەکتەیی) بۆ هەواڵەکان دانراوە کە دەگاتە رێژەی ٤٨٪ی کۆی سەرجەم ناونیشانەکانی سامپڵە بەکارهێنراوەکەو بەشێوەی یەکسان هەردوو جۆرەکە بەکارهێنراوەو لەگەڵا ناونیشانی جۆری (پوختکراو) ناونیشانی جۆری کارەکتەر بەکارهێنراوە بۆ هەواڵەکان کە مەبەست لێی کارەکتەرێکی ناو لاشەی هەواڵەکان کراوەتە ناونیشانی هەواڵەکان. لەخشتەکەدا دەردەکەوێت لەماڵپەڕی سپی میدیا، بەهیچ جۆرێك ناونیشانەکانی جۆی (چێژبەخش، پرسیاریی، رۆشنایی) بەکارنەهێنراوەو تەنیا یەك جۆری بۆمبی لەسامپەڵەکەدا بەدیکراوە کە رێژەکەی دەگاتە نزیکەی ٣٪ جۆری ناونیشانەکان.
ماڵپەڕی سبەیش زیاتر گرنگی داوە بەبەکارهێنانی ناونیشانی وەرگیراو بۆ هەواڵەکانی، کە دەگاتە نزیکەی ٢٩٪و بەدوایدا ناونیشانی جۆری پوختکراو دێت کە رێژەکەی نزیکەی ٢٦٪ی کۆی ناونیشانە هەواڵیەکانی سایتەکە. ماڵپەڕی بەی تا رادەیەکی هاوسەنگ پەنای بردووەتە بەر ناونیشانی جۆری کارەکتەری لەچاو ماڵپەرەکانی تری کۆمەڵگای توێژینەوە بەرێژەی ١٩٪ی کۆی ناونیشانە هەواڵیەکانی ئەو سایتە، بەڵام بەهیچ جۆرێك جۆری ناونیشانی هەواڵی سەرنجراکێش و بۆمبیو پرسیاریو وەرگیراوی بەکارنەهێنراوە.
سەبارەت بەماڵپەڕی SSN، ئەویش بەپلەی یەکەم ناونیشانی جۆری پوختکراوی بەکارهێناوە کە دەگاتە رێژەی ٥١٪ی کۆی سەرجەم ناونیشانە هەواڵیەکانو بەهیچ جۆرێك جۆرەکانی ناونیشانی هەواڵی وەسفیو وەرگیراوو پرسیارییو شوێنو رۆشناییو سەرنجراکیشی بەکارنەهێنراوە.

**خشتەی ژمارە (٣) خاڵە بەهێزەکانی ناونیشانی لەماڵپەرەکانی کۆمەڵگای توێژینەوە**

| ماڵپەرەکان | شارپرێس | | سپی میدیا | | سبەی | | SNN | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خاڵی هێز | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| **ماناپەخشین** | **20** | **18** | **22** | **24** | **28** | **29** | **21** | **24** |
| گوزارشت لەناوەڕۆکی هەواڵ | 35 | 34 | 33 | 36 | 30 | 31 | 31 | 36 |
| **سەرنجراکێشیو بایەخ** | **8** | **7** | **00** | **0** | **0** | **0** | **0** | **0** |
| بەکارهێنانی کەمترین وشە وبەخشینی زۆرترین مانا | 6 | 6 | 6 | 7 | 8 | 8 | 4 | 4 |
| **چلایەنی** | **38** | **36** | **31** | **34** | **31** | **31** | **31** | **36** |
| کۆی گشتی | 107 | 100% | 92 | 100 | 97 | 100 | 87 | 100 |

بەگوێرەی خشتەی ژمارە (٣) دەردەکەوێت خاڵەبەهێزەکانی ناونیشانی هەواڵی لەماڵپەڕەکانی توێژینەوە لەچەند ڕوویەك دەردەکەوێت، بۆنموونە ماڵپەڕی شارپرێس لەکۆی ٣٨ناونیشان، سەرجەمیان لایەنداریان تێدا بەدی ناکرێت کە دەکاتە ٣٦٪ کۆی سەرجەم خاڵە بەهێزەکان. لەکۆی ١٠٧ خاڵی بەهێزیش، ٣٥خاڵی لەو ڕووە بەهێزە کە گوزارشت لەناوەڕۆکی هەواڵەکان دەکەنو ڕێژەی ٣٤٪ی خاڵە بەهێزەکان پێکدەهێنێت. هەروەها ٢٠ خاڵیش تایبەتە بەمانابەخشین کە ٢٢٪ی خاڵە بەهێزەکان پێکدەهێنێت.

خاڵە بەهێزەکانی ناونیشانی هەواڵی لەماڵپەڕی سپی میدیا دەگاتە ٩٢خاڵو کە ٣٣خاڵیان بەڕێژەی ٣٦٪ دەگەڕێتەوە بۆ گوزارشتکردن لەناوەڕۆکی هەواڵەکان. لایەنێکی تری بەهێزی ناونیشانی هەواڵی لەم ماڵپەڕەدا بێلایەنییە کە لەکۆی ٣٣ناونیشان، ٣١ ناونیشانیان لایەنداریی پێوەدیارنییەو دەکاتە ٣٤٪ی خاڵە بەهێزەکانی ناونیشانی هەواڵیو ٢٤٪ ڕێژەی خاڵە بەهێزەکانی تایبەتە بەمانابەخشین. ئەوە لەکاتێکدا تەنیا ٧ ناونیشان بەکەمترین وشە گوزارشت لەناوەڕۆکی هەواڵەکە کراوە کە دەکاتە ٧٪ ڕێژەی خاڵە بەهێزەکانی ناونیشان، بەڵام هیچ ناونیشانێکی سەرنجڕاکێش لەسامپڵەکەدا نابینرێت.

سەبارەت بەناونیشانی هەواڵی لەماڵپەڕی سبەی، بێلایەنی بەسەرجەم سامپڵی توێژینەوەکە دیارەو دەکاتە ٣١٪ ڕێژەی خاڵەکانی ناونیشانی هەواڵی. خاڵی بەهێزی گوزارشتکردن لەناوەڕۆکی هەواڵەکە بەپلەی دووەم دێتو دەکاتە نزیکەی ٣٠٪ی خاڵە بەهێزەکان. خاڵی بەهێزی مانابەخشینیش بەپلەی سێیەم دێتو نزیکەی ٢٩٪ ڕێژەی خاڵەبەهێزەکان پێکدەهێنێت.

گرنگترین خاڵی بەهێزی ناونیشانیش لەماڵپەڕی SSN گوزارشتو بێلایەنینو لە کۆی ٣٣ ناونیشان، ٣١ناونیشان لەیەك کاتدا گوزارشت لەناوەڕۆکی هەواڵەکە دەکەنو لایەنداری تێدا بەدیناکرێت. خاڵی بەهێزی مانابەخشینیش ڕێژەی ٢١٪ی خاڵەکانە ئەوە لەکاتێکدا هیچ خاڵێکی بەهێزی سەرنجڕاکێشی لەناونیشانە هەواڵیەکانی سامپڵەکانی ئەو سایتەدا بەدیناکرێت.

## خشتەی ژمارە (٤) خاڵی لاوازی ناونیشانی هەواڵ لە وێبسائتەکانی کۆمەڵگای توێژینەوە

| ماڵپەڕەکان / ڕەگەزی لاواز | شارپرێس ژ | شارپرێس % | سپی میدیا ژ | سپی میدیا % | سبەی ژ | سبەی % | SNN ژ | SNN % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نەبەخشینی مانا | 10 | 21 | 6 | 14 | 3 | 10 | 11 | 18 |
| گوزارشتنەکردن لەناوەڕۆکی هەواڵ | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 2 | 3 |
| نەبونی سەرنجڕاکێشان | 20 | 42 | 22 | 50 | 21 | 70 | 25 | 42 |
| زیادەڕۆیی لەبەکارهێنانی وشە | 11 | 23 | 10 | 23 | 5 | 16 | 12 | 20 |
| لایەنداریی | 1 | 2 | 1 | 2 | 1 | 3 | 1 | 2 |
| پابەند نەبون بە خاڵبەندیی | 5 | 11 | 5 | 11 | 0 | 0 | 9 | 15 |
| کۆی گشتی | 47 | 100 | 44 | 100 | 30 | 100 | 60 | 100 |

بەگوێرەی خشتەی ژمارە (٤) نەبونی خاڵی سەرنجڕاکێش لە جۆری ناونیشانەکان لەپلەی ریزبەندی خاڵە لاوازەکانی ناونیشانی هەواڵی دێت لەماڵپەڕە هەواڵییە کوردییەکان. بەدوایدا خاڵی لاوازی زیادەڕۆیی لەبەکارهێنانی وشە بەپلەی دووەم دێت لەکاتێکدا گوزارشتەکردن لە ناوەرۆکی هەواڵ لەکەمترین ڕێژەی ناونیشانە هەواڵیەکاندا دەبینرێت.

لەماڵپەڕی شارپرێسدا لەکۆی ٤٧ خاڵی لاواز کە بۆ هەڵسەنگاندنی ٣٨ ناونیشان کراوە، ٢٠ جار خاڵی لاوازی نەبوونی سەرنجراکێشان دووبارەبۆتەوە. کە دەکاتە ٤٢٪ی سەرجەم خاڵە لاوازەکان، ئەوەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە، ئەم ماڵپەڕە زیاتر گرنگی داوە بە هەواڵی سیاسیو ئەو هەواڵانەی کە زیاتر ڕەگەزی ململانێیان تێدایە نەك هەواڵی کاتبەسەربردنو چێژبەخشین. بۆیە باشتروایە، مالپەڕی شارپرێس لەپاڵ هەواڵی سیاسیو ڕەگەزەکانی ململانێو کارەکتەرو ڕەگەزەکانی تر، جار جار هەواڵی چێژبەخشیش بلاوبکاتەوە، کەناونیشانی سەرنجراکێش زیاتر بۆ ئەو هەواڵانە بەکاردێت. هەروەها زیادەڕۆیی لەبەکارهێنانی وشە لەناونیشانی هەواڵەکانی شارپرێس بەپلەی دووەم دێتو دەگاتە ٢٣٪ی کۆی خاڵە لاوازەکان، کەئەمەش لەسەرجەم ماڵپەڕە کوردییەکان بەدی دەکرێتو هۆکارەکەشی ڕەنگە بەپلەی یەکەم بگەڕێتەوە بۆ کەمتوانایی‌و پرۆفیشناڵی هەواڵسازەکان.

بۆ نموونە ناونیشانێکی ماڵپەڕی شارپرێس کە زیادەڕۆیی لەبەکارهێنانی وشەدا پێوەدیارە (تەنها ئاشکراکردنەکەی ماوە، پارتی‌و یەکێتی لەسەر دانانی پارێزگاری کەرکوك لەڕێککەوتن نزیك دەبنەوە)، لەکاتێکدا باشتر وابوو بنوسرایە (پارتی‌و یەکێتی لەسەر دانانی پارێزگاری کەرکوك ڕێکدەکەون)، کەئەم ناونیشانە لە حەوت وشە پێکهاتوە، بەلاَم ناونیشانەکەی دانراوە لە سیانزە وشە پێکهاتوەو زیادەڕۆیی لەبەکارهێنانی وشەدا پێوەدیارە.

هەروەها بڕوانە ئەم ناونیشانە (لەهەوڵی ڕازیکردنی بەغدادایە.. هەرێم دەیەوێت ڕادەستکردنی نەوت لە ٢٥٠ هەزار بەمیل بکات بە ١٥٠ هەزار بەرمیل)، ئەم ناونیشانە لە شانزە وشە پێکهاتووە، کە زیادەڕۆیی لەبەکارهێنانی وشەدا کراوەو باشتر وایە کورتبکرێتەوە بۆ (هەرێم بەنیازە لەبری ٢٥٠ هەزار بەرمیل ١٥٠هەزار بەرمیل ڕادەستی بەغداد بکات) کە لە دە وشە پێکهاتوە.

هەروەها لەماڵپەڕی شارپرێس، خاڵی لاوازی مانانەبەخشین بەپلەی دووەم کە دەکاتە ٢١٪ی ڕێژەی سەرجەم خاڵە لاوازەکانی تایبەت بەناونیشانی هەواڵی بۆ نموونە (لەمیدیاکانەوە ئەنجومەنی پارێزگای بەسرا دەست بۆ کارتی بەهەرێمبوون دەبات). کە ئەم ناونیشانە لە دە وشە پێکهاتوە و بەڕونی مانا نابەخشێت لەکاتێکدا دەتوانرێت کورت بکرێتەوە بۆ پێنج وشەو بەم جۆرە داڕێژرێتەوە کە ڕونتر مانا دەبەخشێت (پارێزگای بەسرا پرسی بەهەرێمبوون دەوروژێنێت) نموونەیەکی تری ناونیشانی هەواڵی کە لەو ماڵاپەڕەدا هاتووە مانا نا بەخشێت (هەولیر پابەندی ریکەوتنەکە نابێت) مەبەست لێی کام ڕێکەوتنە؟ بۆیە ڕونیەو مانا نابەخشیت ، بۆیە باشتر وا بوو بەم جۆرە دابرێژرایە (هەولێر بابەندی ریکەوتنەکەی لەگەڵ بەغدا نەبوو ) یاخود بنوسرایە ( هەریمی کوردستان بابەند نابیت بەو ریکەوتنەی کەلەگەڵ حکومەتی ئیحادی ئیمزای کردوە)

هەروەها ماڵپەڕی سپی میدیا، کەیەکێکە لەماڵپەڕەکانی کۆمەڵگای توێژینەوەکە، ٤٤ خاڵی لاواز لەناونیشانەکانیدا بەدیدەکرێت، کە لەپلەی یەکەم خاڵی لاوازیی نەبوونی سەرنجڕاکێشی هاتوەو ڕێژەی ٥٠٪ی سەرجەم خاڵە لاوازەکان پێکدەهێنێت، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بایەخنەدانی ماڵپەڕە هەواڵییە کوردییەکان بەبلاَوکردنەوەی هەواڵی سەرنجڕاکێش‌و چێژبەخش. هەروەها بەدوایدا خاڵی لاوازی زیادەڕۆیکردن لەبەکارهێنانی وشە لەناونیشانی هەواڵەکان هاتوە کە دەکاتە ٢٣٪ی ڕێژەی خاڵە لاوازەکانی.

دیارترین ئەو ناونیشانانەی کە زیادەڕۆیی بەکارهێنانی وشەیان تێدا بەدیدەکرێت، وەك (سەرەرای بەفەرمی لابردنی سەرۆکی زانکۆی هەڵەبجە هێشتا لەپۆستەکەیدا ماوە)، ئەم ناونیشانە لە دە وشە پێکهاتوە، لەکاتێکدا دەکرێت کورت بکرێتەوە بۆ حەوت وشە بەم جۆرە (هێشتا فەرمانی لابردنی سەرۆکی زانکۆی هەڵەبجە جێبەجێنەکراوە)، یاخود لەناونیشانێکی تری هەواڵی هاتووە (ویکلیکس، بەرهەم ساڵح لەتورکیا هێرشی توندی کردۆتە سەر یەکەکە، بەلاَم لەگەڵا بژاردەی سەربازیی نەبووە لەدژیان) ئەم ناونیشانە لە شانزە وشە پێکدێت، لەهەمان کاتدا دەکرێت کورت بکرێتەوە بۆ چوارده وشەو بەم شێوەیە دابرێژرێتەوە (بەپێی بەڵگەنامەیەکی ویکلیکس، بەرهەم ساڵح هێرشی کردۆتە سەر

یەکەکە، بەڵام لەگەڵا ئەوەدا نییە شەریان لەدژ بکرێت).

هەروەها لەکۆی ٣١ ناونیشانی هەواڵی لەماڵپەڕی سپی میدیا، کەوەك سامپڵی توێژینەوەکە وەرگیراوە، هیچ خاڵێکی لاوازی گوزارشتنەکردن لەناوەرۆکی هەواڵدا بەدیناکرێت.

هەرچی ماڵپەڕی سبەینێ، وەك سامپڵێکی تری کۆمەڵگای توێژینەوەکە تەنیا ٣٠ خاڵی لاواز لەناونیشانی هەواڵەکانیدا بەدیدەکرێت، کە بەپلەی یەکەم، خاڵی لاوازی نەبوونی سەرنجڕاکێشان بەدیدەکرێت و ٧٠٪ی کۆی خاڵە لاوازەکانی پێکدەهێنێت، هەروەها بەدوایدا، خاڵی لاوازی زیادەڕۆیی لەبەکارهێنانی وشەدا دێت، کە لەکۆی ٣١ ناونیشاندا، لە ٥ ناونیشان زیادەڕۆیی لەبەکارهێنانی وشەدا کراوە. بۆ نموونە بڕوانە ئەم ناونیشانە: (وەزیری ئاوەدانکردنەوە بۆ سبەی: دەبێت لەم چوارساڵەدا هەست بەجیاوازیی ڕێگاوبانەکان بکرێت)، کە لەدوانزە وشە پێکهاتووە دەتوانرێت بکرێتە نۆ وشەو بەم شێوەیە (وەزیری ئاوەدانکردنەوە: لەچوار ساڵی ئاییندەدا هەست بەگۆڕانکاریی ڕێگاوبانەکان دەکرێت) یاخود بڕوانە ناونیشانێکی تر (وەزیری بازرگانیو پیشەسازیی: لەسەر بنەمای کارنامەی گۆڕان لەحکومەت کاردەکەین)، ئەم ناونیشانە لە یانزە وشە پێکهاتووە دەکرا زیادەڕۆیی لەبەکارهێنانی وشەدا نەکرایەو بکرایەتە هەشت وشە (وەزیری بازرگانیو پیشەسازی، کار بەبنەماکانی کارنامەی گۆڕان دەکەین).

ماڵپەڕی سبەی بەهیچ جۆێك خاڵی لاوازی گوزارشتنەکردنی لەناوەرۆکی هەواڵەکاندا تێدا بەدی ناکرێت.

سەبارەت بەماڵپەڕی SNN لە کۆی ٣٣ ناونیشان، ٦٠ جار خاڵی لاوازی تێدا بەدیدەکرێت، کە بەپلەی ی کەم وەك ماڵپەڕەکانی تری توێژینەوەکە خاڵی لاوازی نەبوونی سەرنجڕاکێشان دێت کە ٤٢٪ی ڕێژەی خاڵی لاوازی ناونشانەکانی هەواڵی سامپڵی ماڵاپەرەکە پێکدەهێنێت. بەدوایدا خاڵی لاوازی زیادەڕۆیی لەبەکارهێنانی وشە لەناونیشانەکانی ماڵپەڕەکەدا بەدیدی دەکرێت کە ٤٠٪ی سەرجەم خاڵە لاوازەکانی تایبەت بەناونیشانی هەواڵی پێکدەهێنێت، نموونەی ئەو جۆرە ناونیشانانە وەك (لەسلێمانی گۆڕانکاریی دەکرێت.. پۆستی پارێزگار وەردەگرێتەوە). باشتر وابوو بەو شێوەیە دابڕێژرایە، (پۆستی پارێزگاری سلێمانی دەگۆڕرێت) ناونیشانێکی تری ئەو ماڵپەڕە کە زیادەڕۆیی تێدا بەدیدەکرێت لەبەکارهێنانی وشە (حزبی دیموکرات وەلای هەرێم دەداتەوە.. مافی خۆمانە چالاکی ئەنجام بدەین) باشتر بوو ئەگەر بەم شێوەیە دارێژرایەتەوە، (حزبی دیموکرات وەلامی حکومەتی هەرێم دەداتەوە) کەتەنها لە شەش وشە پێکهاتووەو مانابەخشیشە بەڵام ناونیشانەکەی تر لە دە وشە پێکهاتوە، یاخود دەکرا بنوسرایە: (حزبی دیموکرات: مافی خۆمانە چالاکی بکەین).

هەروەها لەماڵپەڕی SNN خاڵی لاوازی مانابەخشین لە ڕیزبەندی سێیەمی خاڵە لاوازەکانی ناونیشانی هەواڵی ماڵپەڕەکەدا دێت کە دەکاتە ١٨٪ی سەرجەم خاڵە لاوازەکانی ناونیشانی هەواڵی ماڵپەڕەکە، نموونەی لەو ناونیشانانە کە لەماڵپەڕەکەدا هاتووە وەك:

-مامەڵەی گومرگ بۆ ئەم جۆرە ئۆتۆمبیلانە ناکرێت.

-ڕۆژی دووشەممە مووچەی ئەم شوێنانە دابەشدەکرێت.

-پۆلیسی سلێمانی هاووڵاتیان لەم فێڵانە ئاگادار دەکاتەوە.

-یەکێتی ئەم پۆستە باڵایانەی وەرگرت.

ئەگەر بەوردی لەم ناونیشانانەی هەواڵ وردبینەوە، دەردەکەوێت، ناونیشانەکە ڕاستەوخۆ گرێدراوە بە لاشەی هەواڵو سەربەخۆییان لەدەستداوە، بەهۆی بەکارهێنانی دەستەواژەی ئەم وەزارەتانە، ئەم پۆستانە، ئەم فێڵە باشتروابوو ئاماژەیان پێبکرایە ئەگەر لەکاتێکدا ژمارەیان زۆربوو دەتوانرا لەبری دەستەواژەی ئەم بنوسرایە چەند یاخود ژمارەیەك.......

## گرنگترین دەرئەنجامەکان

١-بەرێژەیەکی دیارو بەرچاو ماڵپەڕە هەواڵیە کوردییەکان ڕەچاوی هاوسەنگیان نەکردوە لەبەکارهێنانی جۆرەکانی ناونیشان، چونکە زۆرترین جار ناونیشانی جۆری پوختکراویان بەکارهێناوەو بەدواشیدا جۆری ناونیشانی وەرگیراو بەکارهاتوە، سەرەڕای ئەو ڕاستییە کە ئەم دوو جۆرە لەناونیشانی هەواڵیدا بەگشتی باون‌و زۆر بەکاردێن، بەڵام بەو مانایە نییە جۆرەکانی تر پشتگوێ بخرێت بەتایبەتی جۆرەکانی ناونیشانی (بۆمبی، پرسیاریی، سەرسوڕمان، چێژبەخش، ڕۆشنایی، کارەکتەر، شوێن‌و، کات) کە هەندیکیان بەکارنەهێنراون و هەندیکی تریان زۆر بەکەمی بەکارهاتون.

٢-بەشێوەیەکی گشتی خاڵە بەهێزەکانی ناونیشانی هەواڵی لەماڵپەڕە کوردیەکاندا زیاترە لەچاو خاڵە لاوازەکان بەجۆرێك ٢٨٢ خاڵی بەهێز لەکۆی ١٣٥ ناونیشانی هەواڵی بەدیدەکرێت. لەبەرامبەردا ١٨١ جار خاڵی لاواز بەدیدەکرێت، واتە خاڵی بەهێزی ناونیشان بەرێژەی ٦١٪ دێت‌و خاڵی لاوازەکانیش بەرێژەی ٣١٪.

٣-زۆرترین خاڵی بەهێزی ناونیشانی هەواڵ، لە کۆمەڵگای توێژینەوەکەدا لەماڵپەری شارپرێسدا بەدیدەکرێت‌و بەدوایدا لەماڵپەری سبەیدا بەدیدەکرێت‌و ماڵپەری SNN لە ریزبەندی دوایی ماڵپەڕەکاندا هاتووە.

٤-بێلایەنی‌و گوزارشتکردن لەناوەرۆکی هەواڵەکان، لەناونیشانی ماڵپەڕە هەواڵییە کوردییەکان، دوو خاڵی زۆر دیارن و تا ڕادەیەکی زۆر ماڵپەڕەکان پێوەیەوە پابەندبوون.

٥-سەرنجڕانەکێشان‌و زیادەڕۆیی لەبەکارهێنانی وشە، وەك خاڵی لاواز لەناونیشانی هەواڵەکانی ماڵپەڕەکاندا زۆرترین جار دووبارە بونەتەوە.

٦-ماڵپەری SNN لەچاو ماڵپەڕەکانی تری کۆمەڵگا توێژینەوەکە زۆرترین جار خاڵی لاوازیی تێدا بەدیدەکرێت کە ٦٠ جار دووبارە بووەتەوەو سایتی سبەی کەمترین خاڵی لاوازی تێدا بەدیکراوە کە ٣٠ خاڵی لاوازیی تیدابەدیدە کرێت .

راسپاردەو پێشنیازەکان

١-پێویستە ماڵپەڕە هەواڵییەکان تەنیا پشت نەبەستن بەجۆرێك یان دوو جۆر لەناونیشانی هەواڵی، بەپێی هاوسەنگی هەموو جۆرەکانی ناونیشانی هەواڵ بەکاربهێنن بە ڕەچاوکردنی هەندێك جۆر کە باون بەتایبەتی وەك جۆری ناونیشانەکانی (پوخت، وەرگیراو، کارەکتەر، ڕۆشنایی، کاتی) کە دەکرێت زیاتر بەکاربهێنرێن بەڵام لەپاڵ ئەوانەشدا جۆرەکانی تری وەك (بۆمبی، پرسیاری، سەرنجڕاکێش‌و چێژبەخش) بەشێوەی کەمتر لەوانەی پێشوو بەکاربهێنرێت.

٢-توێژەران پێشنیازدەکەن ماڵپەڕە هەواڵییە کوردییەکان وشەی زۆر لەدارشتنی ناونیشانی هەواڵی بەکارنەهێنن.

٣-توێژەران پێشنیازدەکەن ماڵپەڕە هەواڵییە کوردییەکان بەردەوام بن لەپابەندبوونیان بەبێلایەنی لەداڕشتنی ناونیشانی هەواڵ، کە بەپێی دەرئەنجامی توێژینەوەکان تا ڕادەیەکی زۆر لەو ڕووەوە سەرکەوتووبوون.

٤-توێژەران داوا لەبەرێوبەرانی ماڵپەڕە هەواڵییەکان خولی داڕشتنی هەواڵ بۆ هەواڵسازەکانیان بکەنەوە تا ڕابهێنرێن بەشێوازی هونەریی نوسینی هەواڵ‌و هەواڵنوسینی مۆدێرن بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بەهەواڵی ماڵپەڕە هەواڵیەکانەوە هەیە.

٥-توێژەران پێشنیازدەکەن توێژینەوەی تر بکرێت لەبارەی ناونیشانی هەواڵ لەماڵپەڕە کوردییەکان لەبەرگرنگی بابەتەکان بەتایبەتی لەلایەنی پەیوەندی نێوان قەبارەی هەواڵەکان‌و ناونیشانەکانیان، بەدینەکردنی هەموو جۆرەکانی ناونیشانی هەواڵ لەماڵپەڕە کوردییەکان، میکانیزمی داڕشتنی ناونیشانی هەواڵەکان لەلایەن هەواڵسازو پەیامنێرانی ماڵپەڕەکانەوە.

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم / سەرچاوەکان بەزمانی کوردی :**

١-بەهرۆز علی، هونەری هەواڵنووسین ،لە بلاوکراوەکانی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، ٢٠١٨ .

**دووەم/ سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی**

١.ابراهيم احمد ابراهيم، فن كتابة الخبر والمقال الصحفي، دارالعربي للنشر و التوزيع، القاهرة، مصر، ٢٠٠٩.

٢. اشرف صالح و د.شريف درويش اللبان، الاخراج الصحفي، مركز جامعة القاهرة للتعليم المفتوح. مصر، ٢٠٠٥.

٣.أشرف صالح و محمود علم الدين، مقدمة في الصحافة ، مركز جامعة القاهرة للتعليم المفتوح. مصر، ٢٠٠٥.

٤.حسني نصر و سناء عبدالرحمن، الخبر الصحفى، دارالكتاب الجامعى، الامارات العربيه المتحده، ٢٠٠٩.

٥. حسن عماد مكاوي، الاخبار الاذاعية و التلفزيونية، جامعة القاهرة، كلية الاعلام، مصر. ٢٠٠٨.

٦. سعيد الغريب النجار، مدخل الى الاخراج الصحفي، دارالمصرية اللبنانية، القاهرة. مصر، ٢٠٠٩.

٧.سامى الشريف و سعيد السيد، الاخبار الاذاعية و التلفزيونية، مركز جامعة القاهرة للتعليم المفتوح. مصر، ٢٠٠٥.

٨. عبدالستار جواد، فن كتابة الاخبار، دار المجدلاوي للنشر، عمان- الاردن، ١٩٩٩.

٩. فاروق ابو زيد، فن الخبر الصحفي، دار الشروق، القاهرة. مصر، ٢٠٠٨.

١٠. فاروق ابو زيد، فن الكتابة الصحفية، عالم الكتب، القاهرة. مصر، ٢٠٠٧.

١١.فاروق عمر علي مفاتح السلطة الرابعة، من مطبوعات معهد التقنية السليمانية، ٢٠٠٠.

١٢. محمود علم الدين، اساسيات الصحافة في القرن الحادي والعشرين، دارالنهضة العربية، القاهرة. مصر ٢٠٠٨.

١٣.كارول ريتش، كتابة الاخبار والتقاريرالصحفية، جامعة الاسكا الامريكية، ترجمة عبدالستار جواد، دار الكتاب الجامعي، الامارات العربية المتحدة، ٢٠٠٢.

١٤.عبد اللطيف حمزة، المدخل في فن التحرير الصحفي، الهيئة العامة للكتاب،الطبعة الخامسة،القاهرة ، ٢٠٠٢ .

**سەرچاوەکان بە ئینگلیزی:**

1- Bowles, Dorothy A., Borden, Diane, 2000. Creative Editing. Wadsworth, Belmont, CA

2- Dor, Daniel. 2003. “On Newspaper Headlines as Relevance Optimizers.” Journal of Pragmatics 35 (5): 695–721.

3- Ellis, Barbara G., 2001. The Copy-editing and Headline Handbook. Perseus Publishing, Massachusetts.

4- Saxena, Sunil, 2006. Headline Writing. Sage Publications, London.